# 967 هەڵسوراوی سیاسی و کەسایەتی جیهانی پشتیوانی لەخواستەکانی خەڵکی کوردستان دەکات

بەدوای خۆپشاندانە نارەزایەتی کانی جەماوەری نارازی لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان دژ بە گەندەڵی ئیداری ونەبوونی مافە سەرەتایەکانی وەك ئاو کارەباو سووتەمەنی وە بۆ دابین کردنی سەرچاوەکانی بژیوی ژیانیان ، لەلایەن هیزەکانی سەر بە ئاسایشی یەکیتی نیشتمانی کوردستان و بەهەمان شێوە سەرکوتی نارەزایەتێکانی جەماوەری کان لەلایەن پارتی دیمکراتی کوردستان ئەم خۆپشاندانە بەرهەقانە لەخۆین هەڵکیشراو و هەڵسوراوانیان راپیچی زیندانەکان کرا ،ئەم جگە لە هەرەشەکردن و چاوسورکردنەوە لەهەڵسوراوانی دەستەکانی داکۆکی کە رابەرایەتی ئەم خروشانە جەماورەریانەی دەکرد لەکوردستان.

دەشتی جەمال لەپێناو هینانی پێشتیوانی جیهانی بۆ داخوازیەکانی ئەم خۆپشاندانە جەماوەریانە  لە نامەیەکیدا کە ئارستەی بەریزان (جلال تالەبانی،مسعود بارزانی) کرا..وە داوای پشتیوانی لە کەسایەتی و نیهادو رێکخراوەی ئینسانی و ماف مرۆڤ و هەڵسوراوانی چەپ ویەکیتی کریکاریەکانی کرد ،سەر ئەنجام (967) کەسایەتی وهەڵسوراوی بەرگری لەمافەکانی ئینسان پشتیوانی بیّ دریغی خۆیان لەخواست و داوکاریە رەواکانی جەماوەری نارازی کوردستان دەربری کە ئەمە دەقەکەی نامەوە وە لینکی ئیمزاو هەڵویستەکانیانە دەتوانن ببینن لەم دوو ماڵپەرە.

**http://www.petitiononline.com/ifir2006/petition.html**

http://www.thepetitionsite.com/takeaction/234376147

دەشتی جەمال

2006-11-9

d.jamal@ntlworld.com

## بۆ حکومەتی عیراقی و حکومەتی هەرێمی کوردستان

### بۆ بەریز جلال تالەبانی سەرۆك کۆماری عیراق

### بۆ بەریز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان

# پێشێلکردنی مافی مرۆڤ  لەکوردستاندا راگرن!

بەپیّ  ئەو راپۆرت و هەواڵانەی لە کوردستانەوە بەدەستمان گەیشتووە، یەکیتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان  لەچەند رۆژ لەمەوبەرەوە دەستیان داوەتە رفاندنو دەستگیرو زیندانیکردنی هەڵسوڕاوانی سیاسی بەمەبەستی توندکردنەوەی جەوی سەرکوتی سیاسی و خنکاندنی دەنگی نارەزایەتی خەڵکی کوردستان بەرامبەر گەندەڵیو تاڵانوبڕۆی بەرپرسانی ئەم دوو حیزبەو بێدەربەستیان بەرامبەر ژیانو گوزەرانی ئەوان.

ماوەی چەند مانگێکە نارەزاتیەکانی خەڵکی کوردستان لەدژی گەندەڵی دەسەڵاتدارانو نایەکسانیو نەبوونی خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکانی ژیان لە زۆربەی شاروشارۆچکەکانی کوردستان دەستی پێکردوەو هەرجارە لە شوێنێکەوە سەرهەڵدەدات. ئەم نارەزایەتیانە دوابەدوای ئەوەیە کە دەسەڵاتدارانی کوردستان بە وەعدەی باشکردنی ژیانی خەڵك دەنگی بەشێکی ئەوانیان لە هەڵبژاردندا بۆ خۆیان برد، بەڵام هیچ ئالوگۆرێك بەسەر ژیانی خەڵكو تەنانەت خزمەتگوزاریە سەرەتاییو زەروریەکانی ئەو خەڵکەدا نەهاتوە، کەچی سامانی بەرپرسانی ئەم دوو حیزبە رۆژانە بەژمارەی خەیاڵی بەرەوسەر دەچێت!

دەسەڵاتدارانی کوردستان لەجیاتی وەڵامدانەوە بە خواستی خەڵك، نارەزایەتیو خۆپیشاندانەکانی خەڵك سەرکوت دەکەن. تەقە لەخۆپیشاندەران دەکەن. هەڵسوڕاوانو رێکخەرانی خۆپیشاندانەکان دەستگیرو زیندانی دەکەن. چەندین هەڵسوڕاوانی ئەم نارەزایەتیانەو هەر دەنگێکی نارازیو پاڵپشتی خواستەکانی خەڵكو بە بیانووی پووچو یان بەبیّ هیچ تۆمەتێك لە زیندانەکانی ئاکریّ، قەڵاچوالانو کانی گۆمە و زیندانەکانی ئاسایشی پارتیو یەکێتی ئاخنراون. ئەو لایەنە سیاسیانەی کە پاڵپشتی خەباتو مافەکانی خەڵك دەکەن سەرکوت دەکرێنو هەڵسوڕاوەکانیان یان رەوانەی زیندان دەکریّ، یان هەوڵی تیرۆرکردنیان دەدرێت!

کۆردۆ کریم لەخۆپیشاندانەکەی 16-3-2006  دەکوژرێت و دەیانی تر بریندار دەکرێت ، وە دەیان دەستگیرکراوی شاری هەڵبجە لەلایەن یەکێتیەوە لە زیندان هێڵراونەتەوە. قسەی ئەوە هەیە کە تا ئێستاش چەندین کەس لە بەشدارانی خۆپیشاندانەکەی چەند مانگ لەمەوبەری ئاکریّ لە زیندانی پارتی راگیراون! رۆژی21-3-2006      بەشدار علی کادری حککع و کەسایەتی ناسراوی نیو خۆیندکاران لەهەولێر لەلایەن دەزگای نهێنی پارتیەوە دەڕفێنریّو هەڕەشەی کوشتنی لێدەکەن.

جەبار سۆفی کادری حککح لە شارۆچکەی دیانا هەوڵی تیرۆرکردنی دەدرێت! لە17-3 حەویز حەویزی پەیام نیری هاوولاتی لەلان ئاسایشی کۆیەوە دەستگیر دەکرێت لەسەر ووتار نووسین، لە کاتی خۆپیشاندانەکانی خەڵکی کەرکوك دژی گرانبوونی نرخی سوتەمەنی چەکبەدەستەکانی یەکێتی نیشتمانی هەڕەشەی کوشتن لە ئازاد مەجید کادری حککع و شەخسەیتی تێکۆشەری شاری کەرکوك دەکەن!

یەکێتی نیشتمانی لە ساڵیادی کارەساتی بەدناوی ئەنفالدا، فەزای ترسو تۆقاندنی بەسەر ناوچەکانی گەرمیاندا سەپاندووە بۆ ڕێگەگرتن لە دەنگی نارەزایەتی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان دژ بە مشەخۆری بەرپرسانی ئەم حزبە دەسەڵاتدارانە کە لەسەر خوێنی ئازیزانی ئەوان سامان کەڵەکە دەکەن، بەڵام کەسوکاری ئەنفالکراوەکان تەنها مەینەتو نەبوونیو پەراوێزکەوتنیان بۆماوەتەوە! چەکدارانی یەکێتی ئێستا وەکو هێزە ئەنفالچیەکانی بەعس ماڵبەماڵ بەشوێن ئەو هەڵسوڕاوانەدا دەگەڕێن کە بڕیارە لە یادی ئەنفالدا خۆپیشاندان بۆ خواستی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بەرپا بکەن. بۆ ئەم مەبەستەش لە 3 رۆژی رابردوودا دوو کەس لە کادرانی ناسراوی حککع یان لە سلێمانی بەناوەکانی( وەستا حسین ساڵح شەخسیەتی ناسراوی ناو بزووتنەوەی کرێکاریو زمناکۆ عزیز ئەندامی مەکتەبی سیاسی حککع) یان راپێچی زیندان کردوە، بە مەبەستی شکست پێهێنانی ئەو خۆپیشاندانو چالاکیە نارەزایەتیانە.

سەرلەبەیانی رۆژی پێنج شەمە 27–7 ژمارەیەکی زۆر لە کریکارانی کارگەی تاسلوجە نارەزایەتی دەردەبرن داواکاری زیاد بوونی موچەو گیرانەوەی کریکارانی دەرکراو لەسەر کار دەکەن بەلام لەلایەن پاسەوانەکانی گارگەی چیمەنتۆی تاسڵوجە دەدرینە بەر ریژنەی گوللە 13 کریکار بەسەختی بریندار دەکرێت.

هەروەها رۆژی 7–8 خەڵکی شاری چەمچەمال و شارۆجکەی شۆرش و و شاری دەربندینخان لە 9–8 وبەهەمان شێوە ئەم نارەزایەتیانە شاری کەرکوکیش دەگریتەوە له12–8 وە 13–8 لەشاری سلیمانی بەمانگرتنی گشتی بۆ ماوەی 2 سەعات دوکان بازار ناکرینەوە دریژەی دەبێت .

سەدان کەس لەجەماوەری نارازی ئەم شارانە بەشداری ئەم خۆپشاندانانە دەکەن بەلام لەلایەن هیزەکانی ئاسایشی سەر بەیەکیتی نیشتمانی  و هیزەکانی ناخۆ بەتەقەکردن و لەخۆپشاندانو ئەشکەنجەو و زیندانی کردن یەکێك بوو لەشیوازە نا شارستانی دژ بە خواست و داوکاریەکانی خەڵکی کوردستان .

ئاریان محمود لەکەلار و شکار ئەمین لەدەربندیخان دەکوژرین و زیاتر لە60 کەس بریندار دەکرێت ولەماوەی یەك هەفتەی ئەم خۆپشاندانە نارەزایەتیانە 2000 گەنج ئاوارە دەکرێت بەرو چارەنووسێکی نادیار وە زیاتر لە600 کەس دەستگیر دەکرێت.

ئەم کردەوە سەرکوتگەرانانەی یەکیتی و پارتی، دژایەتیکردنی قازانج و بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کوردستانە. ناکۆکە لەگەڵ هەموو پێوانەیەکی ئینسانی و مەدەنی بۆ مافەکانی خەڵك. پێچەوانەیە لەگەڵ هەموو ئیدعاکانی سەرانی ئەم حزبانە دەربارەی بوونی ئازادی سیاسی و رۆژنامەگەری و چالاکی لایەنە سیاسیەکان. زاڵکردنەوەی دەسەلاتی رەشی سەرکوتگەرانەو تۆقاندنی خەڵکی کوردستانە.

ئێمە بەناوی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی بەتەواوی تواناوە  لەمافو ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی خەڵکی کوردستان بەرگری دەکەین. داواکارین کە:

1. یەکیتی و پارتی دەست لەسەرکوتکردنی خەڵكو هەڵسوڕاوانی سیاسی هەڵگرن.
2. ( ئازادیی سیاسی، ئازادیی بیروڕادەربرین، ئازادیی خۆپشاندان) کەلە مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی کوردستانن، بەرەسمی بناسن.
3. هەموو ئەو کەسانەی کە لەخۆپیشاندانەکانی شارەکانی کوردستانو هەموو ئەو هەڵسوڕاوە سیاسیانەی کە دەستگیرکراون بیٰقەیدو شەرت ئازاد بکرێن.
4. یەکێتی و پارتی نوێنەرانی خەڵك بە رەسمی بناسنو لەگەڵیان دابنیشن بۆ چۆنیەتی وەڵامدانەوە بەخواستەکانیان کە لەسەرجەم خۆپیشاندانەکاندا خستویانەتە بەردەم دەسەڵاتداران.

5–دابین کردنی ئاو کارەبا بۆ سەرجەم دانیشتوانی کوردستان بە یەکسانی.

هاوکات داوا لەتەواوی رێکخراوە ئینسانی و پەنابەریەکانو حزبو لایەنەکانی لایەنگری ئازادی سیاسی دەکەین کە دەنگیان بخەنە پاڵ دەنگمان بۆ دیفاع لە مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی کوردستان،  بۆ دیفاع لە ئازادیی سیاسیو بیروڕاو ئازادیی خۆپیشاندان لەکوردستان. نامەی نارەزایەتی ئاراستەی نوسینگەکانی یەکیتی وپارتی بکەن لە وولاتەکان. فشار بخەنە سەریان  بۆ بەرەسمی ناسینی ئەو مافانەی لەسەرەوە هاتووە ئەم فورمانە ئیمزا بکەن.

نامەکانتان ئاراستەی:


**ئۆفیسی یەکیتی نیشتمانی لەبریتانیا / ژمارەی فاکس**:44 207840 0630

**ئۆفیسی یەکیتی نیشتمانی لە ئەمریکا / ژمارەی فاکس**:1 202 637 2723

**ئۆفیسی پارتی دیمکراتی کوردستان لەبریتانیا / ژمارەی فاکس**:44 207 4982 531

**ئۆفیسی پارتی دیمکراتی کوردستان   لە ئەمریکا / ژمارەی فاکس**:703 533 5886

**دەشتی جەمال**

**لە فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**